ئەمـــەش کـــەمترین ڕووبـــەری کـــشتوکاڵی یـــە بـــۆ پـــڕۆژەی کاوێـــژکارەکان بـــەم شـــێوەیەی خوارەوە دەبێت .

| | |
|---|---|
| پرۆژەی بەخێوکردنی چێڵی شیردەر | ١٠ سەر |
| پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ یان بزن | ٤٠ سەر |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی گۆلك دابەستان | ٢٠ سەر |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی بەرخ دابەستان | ٨٠ سەر |

٤ وەرگرتنـــی ڕەزامەنـــدی ئـــەم فەرمانگانـــەی خـــوارەوە بـــۆ ئـــەوەی کارنەکاتـــە ســـەر پرۆژەکـــان و ڕێنماییـــەکان ، ژینگـــەی مرۆڤایـــەتی ، ڕێگـــاو بـــان ، شـــارەوانی ، شـــوێنەوار ، گەشـــت و گـــوزار ، ئاودێری و بەنداوەکان ، کارەبا ، گواستنەوە و گەیاندن ، نەوت و کانزاکان .

**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**

# ڕێنمایی ژمارە / ٣ ساڵی ٢٠٠٠

# دامەزراندنی پڕۆژەی گۆشت و مۆڵەت دانی :••

بـــە پێـــی ئـــەو دەســـەلاَتەی پێمـــان دراوە لـــە یاســـای وەزارەتـــی کـــشتوکاڵ و ئـــاودێری ژمـــارە / ١٠ ســـاڵی ١٩٩٢ وە بـــۆ ڕێکخـــستن و پەرەپێـــدانی پـــڕۆژەی گۆشـــت و مۆڵـــەت دان بـــەو کەســـانەی دەیانـــەوێ ئـــەم پڕۆژانـــە جێبـــەجێ بکـــەن وە بـــۆ ئاســـان کـــاری ئـــیش و کـــاری ئـــەم پڕۆژەکاریە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :••

**ماددەی یەکەم :••**

ئەم وشانەی خوارەوە ئەو واتانەی بەرامبەریان دەگرێتە خۆی : ··

١. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢. بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ .

**ماددەی دووەم :**

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :··

١. داواکاری لە لایەن هاووڵاتی پێشکەش دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەیتەرە و سامانی ئاژەڵ لە پارێزگاکان بۆ دامەزراندنی پرۆژە لە گەڵ داواکاری کە پرۆژەکەی لە سەر دروست دەکرێت بە مەرجێك پشتگیری کرابێ لە لایەن زەوی‌و زار (مرتسم) .

٢. گرێ بەستی (عقد أیجار) ئەگەر هاتوو زەویەکە بە کرێ بوو یان وێنەیەك لە تاپۆی زەویەکە (صورە قید) ئەگەر هاتوو زەویەکە (ملك) بوو ئەبێ بە ناوی داواکارەکەوە بێت وە هەروەها ڕەزامەندی شەریکەکەی ئەگەر هات و شەریکی هەبوو .

٣. لە بەر ئەوەی هاووڵاتیانی هەندێ ناوچە (صورە قید) (تاپو) یان گرێ بەستی کرێی زەویان نیەو بۆ ئەوەی بتوانرێ پشت بەست بن بە فەرمانگەکانی کارگێڕی وە لە گەڵ فەرماناگە کشتوکاڵیەکان وە ئەم پشتگیریە دەبێت باوەڕی پێ بکرێت وەکو (صورە قید) بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە لە سەر ئەو زەویە .

٤. بەڵێنی پەسند کراو (تعهد مصدق) لە لایەن (کاتب عدل) کەوا خاوەن پرۆژەکە فەرمانبەر نیە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومەت وە هەروەها تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نیە وە ئەبێ ئیلتزامی تەواوی هەبێت بە هەموو ڕێنماییەکان کەوا پەیوەندی بە پرۆژەکەوە هەیە .